# پلەی گەرمی نزم دەبێتەوە لە ناوچە شاخاوییە جیاجیاکانی هەرێم نمبارانە و بەفر دەبارێت

کەشناسیی هەرێم پێشبینی دەکات لە سبەینێ یەکشەممەوە لە ناوچە شاخاوییەکانی هەرێم نمباران و بەفر دەبارێن.

بەوەبەرایەتیی گشتیی کەشناسی و بومەلەرزانیی هەرێم لە راگەیەندراوەکدا باویکردەوە، ئەمڕۆ شەممە ئاسمان ساماڵ دەبێت لەگەڵ درووستبونی هەندێک پەڕەهەور، پلەی گەرمی بە 1 بە 2 پلەی سیلیزی بەراورد بە تەمارکراوەکانی دوێنێ هەینی نزمدەبێتەوە.

کەشناسیی هەرێم دەشێت، سبەی یەکشەممە ئاسمان ساماڵ و نیمچەهەور دەبێت لە کاتەکانی ئێواردا دەگەڵێت بە هەوری تەواو لەگەڵ ئەگەری بارینی نمباران بە تایبەتی لە ناوچە شاخاوییەکان و هەروەها بارینی بەفرەکی کەم لە ناوچە شاخاوییە سنووریەکان، پلەی گەرمی لە تەمارکراوەکانی ئەمڕۆ نزیکدەبێتەوە.

بەرزترین پلەی گەرمیی پێشبینیکراو بە پلەی سیلیزی، هەولێر 15 پلەی سیلیزی، سلەمانی 14 پلە، دهۆک 14 پلە، کەرکووک 16 پلەی سیلیزی و هەڵەبجە 14 پلەی سیلیزی، هەروەها زاخۆ 15 پلە و حاجی ئەمران 5 پلەی سیلیزی.